



# ناسکترین مۆدەی

یەکێك لەم جلانەی کە ناسراوە بە دوو مۆدە، بۆیە پێیدەڵێن دوو مۆدە چونکە لە دوو کاتی جیاواز دەپۆشرێت، یەکێك لەوانە بۆ کاتی ئێوارە لە ماڵدا، هەروەها بۆ کاتی پێش خەوتن و یان بەر لەوەی بچیتە سەر پێخەفی نووستن. ئەم جلە بریتییە لە کراس (فستان)، ئەم کراسانە شێوەیەکی ناسکیان هەیە و لەگەڵ ئەوەی وەکو جلێکی حەسانەوەیە بۆ خانمان..


شێوەی جوانی بریتیە لەوەی کورتە و لە قوماشێکی نەرم درووست دەکرێت و لەگەڵ ئەوەشدا بەشی سەرەوەی جەستە دەردەکەوێنێت، واتە

# مۆدەی کڵاوی زستان



یەکێك لەم ئێکسسوارە نا سەرەکیانەی کە بۆ وەرزی زستان جوانی و مۆدەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش لەگەڵ دەستە مۆدەیەکی رۆژئاوایی رێکدەخرێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانی سەری خانمان. ئەم ئێکسسوارەش بریتیە لە (کڵاوی سەر)!

کڵاو وەك هۆکارێکی جوانی و هەروەها بۆ پاراستنی سەری خانمان دەکرێت لەگەڵ دەستە مۆدەیەکەوە بپۆشرێت، ئەمەش جوانییەکی تایبەتی هەیە بە تایبەت بۆ ئەوانەی کاتیان نابێت قژیان چاك بکەن کاتێك دەردەچن بۆ دەوام یان شوێنێکی تایبەت بە کاتەوە. مۆدەی کڵاو دەبێت پابەند بێت بە ڕەنگێکی سادەوە، چونکە ئەو ڕەنگانەی تۆخن بۆ کڵاوی سەر ناگونجێت و بەڵکو شایستە نابێت. ئەو ڕەنگە سادانەی بۆ کڵاو مۆدەیەکی جوانی دەبێت بریتییە لە : ڕەش – قاوەیی کاڵ – ڕەساسی – شینی کاڵ . ئەم ڕەنگانەش دەبێتە جوانییەکی تایبەت کاتێك لەگەڵ دەستە جلێکی تەسکەوە دەپۆشرێت. ئەمەش چەند کڵاوێکی سەرە بۆ مۆدەی زستانی ئەمساڵ و کە شێوەی بچووکە و لەگەڵ بوونی ئێکسسواری مێروو لە پێشەوە یان دواوەی کڵاوەکان، بوونی ئەم ئێکسسوارە لەسەر کڵاو دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جوانییەکی ناسك..



## کورسی وەک ئێکسس

ماڵەکەت پێویستی بە چەند ئێکسسوارێکی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی شێوەیەکی جوانی پێوە دیاربێت، لەگەڵ ئەوەی بتوانە ڕێگەیەکی شایستەیان بۆ بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە ماڵەکەت ڕێکبکەوێت. ئەم ئێکسسوارە سەرەکییە بریتییە لە (کورسی)، ئەمەش گرنگترین کاریگەری هەیە کاتێك لە شوێنی خۆی دانانرێت، چونکە جێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە ماڵ..


لە زیاترین مۆدەی ماڵ دەڵێن دەبێت کورسی لە نزیك پەنجەرەوە بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕووناکی






# کراس بۆ خانمان

قۆڵ و شـــان دەردەکەوێت لە کاتی پۆشـــینی ئەم کراسە، ئەم جلە لە رۆژهەڵات لە کاتی شەوانە دەپۆشرێت، بەڵام لە رۆژئاوا وەك جلێکی ســـەرەکی بۆ دەرەوە و یان بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان دەپۆشرێت. لەلای ئێمەش وەك جلێکی جوان دەپۆشرێت لەشەودا بەهۆی ئەوەی جلێکی حەسانەوەیە و شـــێوەیەکی ناسکی هەیە بۆ خانمان. زیاتر ئەم کراسە کورتانە لەگەڵ رەنگی سادە دێت کە ئەو رەنگانەی لەگەڵ جەستەی خانمانەوە لێکدەچێت. چەندین شێوەیان هەیە، شێوەیەکیان تاوەکو نزیك قاچ درێژە و هەندێکی دیکەشیان تاوەکو سەر چۆك دەبێت.



## سواڕێکی سەرەکی ماڵەکەت

پەنجەرەکەی بۆ بێـــت و هەروەها دیمەنێکـــی دەرەوە دیار بێت بۆ ئەو کەسەی کاتێك لەسەر کورسیەکانەوە دادەنیشێت. هەروەها دەکرێت کورسی لە باخچە هەبێت ئەمەش بۆ حەسانەوە و هەروەها شێوەی باخچەکە جوانتر دەکات. دانانی کورســـی لەگەڵ مێزێکـــی ســـادەوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی مۆدەیەکی جوانی ماڵ و بەم ئێکسسوارە دەتوانیت لایەنێکی ماڵەکەت برازێنیتەوە. زیاتر هەوڵبدە رەنگی کورســـیەکانت لـــە رەنگە کراوەکان بێت ئەمـــەش بۆ ئەوەی ببێتە هۆی کرانەوەی ئەم شوێنەی لێوەی دادەنرێت.



# ڕێگەیەکی سادە بۆ جوانی و بریقەی قژت !

یەکێـــك لـــەم هەنگاوانەی کـــە دەبێتە هـــۆی ئەوەی قژت بە شـــێوەیەکی جوانەوە دەربکەوێـــت، لەگەڵ ئەوەی بـــە بریقەوە بێـــت و ئەمەش وەك ڕێگەیەك بۆ پاراســـتنی قژ لە هەڵوەریـــن دوور بێت. دەتوانیت لە ڕێگەی شێلانی قژەوە ئەم هەنـــگاوە ئەنجام بدەیت ئەمەش هەفتانە (١) جارێك ئەنجامی بدە و کە بەم شێوەیە :

کەرستەکان

- نیـــو کووب لە رۆنی زەیت ( رۆنـــی جوزهینـــدی — زەیتوون)
- نیـــو کووب ئـــاوی گەرم (کولاو)..
- پلاستیك بۆ داپۆشینی قژ — یان نایلۆنێکی پاك

ڕێگەی ئامادەکردن

- ســـەرەتا ئاوە کولاوەکە و رۆنەکـــە تێکەڵ بکە تا بۆ ماوەیـــەك تێکەڵ دەبێت و لەگەڵ ئەوەی بە کەوچکێك تێکەڵیان بکە..
- لـــە تێکەڵ کردنی بەردەوام ببە تاوەکـــو رۆنەکە و ئاوەکە تەواو تێکەڵ دەبێت.
- کاتێك ئاو و رۆنەکە تێکەڵ دەبێت و سارد دەبێتەوە، دەستت بخەرە نـــاو تێکەڵەکە و قژت پێوەی بشێلە، واتە قژت بخەرە ناو دەستت و دەستت بکووشە یان رابکێشە. ئەمەش تاوەکو گشـــت قژت بەم شێوەیە بەر تیکەڵەکە دەبێت، تاوەکو قژت تەواو بەسادەیی تەڕ دەبێت.
- پاشـــان پلاســـتیکەکە یان نایلۆنەکە بهێنە و قژت پێوەی داپۆشە، ئەمەش بۆ ماوەی (یەك کاتژمێـــر) یان ئەگەر نەتوانیت تەنیا بۆ نیوکاتژمێر با لەسەرت بێت..

دواتـــر پلاســـتیکەکە یـــان نایلۆنەکـــە لابدە و قژت جوان بشۆ و بزانە چ ئەنجامێکی گەورەی دەبێت بۆ جوانی قژت.



# دوو هاوسەر گەورەترین تاکە پێڵاویان درووست کرد

جیهانی نازناو بەدەســـت هێنان ڕۆژانە لە پێشکەوتندایە بۆ ئەوەی بتوانن لە جیهاندا ون نەبن، ئەمەش لە ڕێگەی درووست کردن و دەرخستنی بەهرە و شـــتی سەیروسەمەرە. لەلایەن دوو هاوســـەر لە وڵاتـــی ڤێتنام کە تاکە وڵاتە لە بواری ســـەیر و ســـەمەرەوە دوورە، ئەم دوو هاوســـەرە توانیان گەورەترین پێڵاو درووســـت بکەن و ئەمەش کاتێك ماوەی (٣) هەفتە خەریکی درووست کردنی تاکە پێڵاوێکی پیاوانە دەبن.

تاکە پێڵاوەکە لە ماددەی پلاســـتیك و پێســـتی گیانداران درووست کراوە و شێوەی پیڵاوەکەش بە جوانترین شێوە ڕازاوەتەوە و ئەمەش یەکێکە لەم کەرســـتانەی کە شایەنی نازناو بێت، ئەم دوو هاوسەرە ناویان (سیهاو) کە ناوی ئافرەتەکەیە و پیاوەکەش ناوی (جانیو)ە، ژێرەوەی پیڵاوەکە لە دار درووســـت کراوە و بە گەورەترین پیڵاو دادەنرێت. درێـــژی پێڵاوەکە دەگاتە (٢٤٠) ســـەنتیمەتر واتە دەکاتە (٢) مەتر و نیو کەمتر، هەروەها پانی پێڵاوەکە دەگاتە (٩١) ســـەنتیمەتر، لەگـــەڵ مەترێك بەرزی بـــۆ پێڵاوەکە، وەکو چـــۆن لە وێنەکەدا دەبینـــن کە چۆن ئەم تاکە پێڵاوەیان درووســـت کردووە بەبێ ئەوەی ئەم دوو هاوسەرە شارەزاییان لە هونەرکاری و دارتاشی هەبێت..

ئـــەو کچـــەی لەلای خۆمـــان دەبێتـــە بووك، دەچێـــت کامـــە بەدڵلەی جـــوان و گرانبەهایـــە هەڵیدەبژێرێـــت بۆ ئەوەی ڕۆژی ئاهەنگـــی خۆی پێـــوەی ڕازاوە بێت. بەڵام لەلای ئەم بووکە هەست و بیرۆکەیەکی دیکەی هەیە ئەویش ئەوەیە کە شتێکی کردۆتـــە بەدڵلـــەی بووك کچەکانی لای خۆمان هەر بەکاریـــی ناهێنن. کاتێك ئافرەتێکـــی ئەمەریکـــی دەبێتە بـــووك ئەمەش بە ڕێگەی خۆشەویســـتیەوە لەگـــەڵ خۆشەویســـتی خـــۆی کە نـــاوی (دوی نیکـــۆلاس) چوونـــە ناو ژیانی هاوسەریەوە.

بەدڵلـــەی ئەم بووکە لە کلینکسی توالێت (WC) دروووست کراوە و بە شـــێوەیەکی زۆر جوانەوە نەخشێنراوە




## بەدڵلەیەکی بووک لە کلینکسی (WC) !

و لەلایـــەن کۆمپانیـــای (شـــارمن) بۆ کلینکسی توالێتی درووســـت کراوە. درووســـت کردنـــی ئـــەم بەدڵلەیە بەم شێوەیە مانای ئەوەی کەوا ئافرەتەکە بەم شـــێوەیە ئامادەیـــە بچێتە نـــاو ژیانی هاوســـەری نـــەوەك وەك ئـــەو کچانە بکات کە داوای زۆر شت دەکەن لەســـەرەتای ڕۆژی یەکەمەوە. ئەم بەدڵلەیە بە جوانترین بەدڵلەی بووکێنی دانرا لە ســـاڵی (٢٠٠٧)، ڕێوڕەســـمی ئاهەنگی ئەم بـــووك و زاوایـــە توالێتیە لەبـــەردەم توالێتێکـــی گۆڕەپانی گشتی لە شاری نیوێورکـــی ئەمەریکی، ئەگـــەر بەدڵلەیکـــی بەم شێوەیە درووســـت بکرێت لـــە کوردســـتان دەبێـــت کچەکانمان بیپۆشن؟! بێگومان نەخێـــــر !

◆ ئەسپ لەسەر چاوەکانی (برۆ)ی نییە، بەڵام زۆری گیانداران ئەم تەڵە موویان هەیە لەسەر چاوەکانیان..

◆ یەکەم جار تۆڕی تەلەفۆن، لە ساڵی ١٨٨٠ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەسترا، ئەو ڕۆژە بووە ڕۆژی پشوو لەم وڵاتە بەم بۆنە گەورەیە..

◆ مێشکی مرۆڤ ڕۆژانە پێویستی بە (١٠٠٠) لیتر خوێن هەیە، تاوەکو کارەکانی ئەنجامبدات، بەڵام ئێمە هەستی پێناکەین و بەڵکو ڕۆژانە خوێن لە دڵمانەوە بۆ مێشکمان دەچێت..

◆ ماسی خواردن بە زووترین ماوە قوتدەدات، چونکە دەمی دەکاتەوە و دایدەخات بە بەردەوامی بۆ هەناسە دان، ئەگەر خواردن لە دەمی بهێڵێتەوە دەخنکێت..

◆ زانایانی سەردەم باسی کۆتایی جیهان دەکەن، کە کۆتاییەکەی وەکو سەرەتای دروستبوونیەتی، واتە چۆن درووست بووە و دەگەڕێتەوە سەر شێوەی جارانی کۆن کە چۆن بووە و بەڵگەی تەواویشیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە..

## ئەم دەمانچانە بۆ وادرووست کراوە ؟!



دیاردەی خۆکوشتن ئەم دیاردەیە کاتێك مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕیارەی بیر لەم کارە بکاتەوە، یان ئەم کارە ئەنجام بدات، زۆر جار هەیە کەسێك دەیەوێت خۆی بکوژێت بەڵام بەهۆی ترسی ئەوەی لە ژان و ئازار دەترسێت بۆیە پەشیمان دەبێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی بە (دەمانچە) خۆیان دەکوژن چونکە هەر ئەم ڕێگەیە بۆتە لاسایی و ئەو کەسانە بەم شێوە یان لە ڕێگەی دەمانچەوە خۆیان دەکوژن !

ئەمەو ئێستا وڵاتی چین لە یەکەمی وڵاتانی جیهان دێت بۆ دیاردەی خۆ کوشتن دواتر وڵاتی میسر و پاشان وڵاتی ئەمریکا، لەلایەن کۆمپانیایەکی بچووك لە جۆرە دەمانچەیەك درووست کراوە کە بۆ دوو کات بەکاردێت، کاتی یەکەم ئەگەر بتەوێت خۆت بکوژیت جورئەتت دەوێت تاوەکو دەمانچە لە سەری خۆی دابنێ، بۆیە ئەم دەمانچەیە لوولەکەی لەلای خۆتە و پێویست ناکات دەستت ئەزیەت بدەیت، ئەمەش یەکێکە لەو بیرۆکە سەیرانەی کە لە بواری چەکەوە درووست کراوە. هەروەها بۆ کاتێکی دیکە بەکاردێت، کاتێك تۆ دەتەوێت تەقە لە کەسێك بکەیت لە دواوەی خۆت بێت، ئەم دەمانچەیە لەم حاڵەتە بەسوود دەبێت. سەیری وێنەی ئەم دوو دەمانچەیە بکەن و بزانن بە چ شێوەیەك درووست کراوە.



## ئەم پیاوە ئوتۆمبێلی بەسەر تێدەپەڕێت !

پیاوێکی وڵاتی سووریا خاوەن بەهرەیەکی سەیربووە کە چەندین ساڵە کاری پێدەکرد بەبێ ئەوەی ببێتە هۆکارێگ بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن نازناوێکی تایبەت بەهۆی ئەم هێزەی هەیەتی، کاتێك لەبەرچاوی چەند کرێکارێك ئامێرێك هەڵدەگرێت کە کێشی ئامێرەکە دەگەیشتە (٢٠٠٠) دوو هەزار کیلۆ، ئەمەش بووە هۆی سەرسامی کرێکارانی هاوەڵی پیاوەکە. دواتر وەك ئەوەی ببێتە نمایشێك ئامێرەکە بە پیاوەکە هەڵدەگرن و دەیهێننە ناوەڕاستی شەقام و پیاوەکەش دەتوانێت بۆ ماوەی (١٠٠) مەتر ئامێرەکە لەسەر شانی هەڵبگرێت و بڕوات. ئەمەش لە شاری (حەمات) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی سووریا ئەم پیاوە دەرکەوتووە و دواتر چەندین نمایشی بۆ کراوە، لەوانە : ڕاکێشانی (٥) ئوتۆمبێل لەدوای یەکتر بەهۆی دەستەکانیەوە. چونکە خاوەن جەستەیەکی بەهێزە و دەتوانێت بەرگەی هێزی دەرەوەی زۆر بگرێت. لە دواهەمین نمایشی ئەم پیاوە کە ناوی (ولید)ە و توانی پاڵبکەوێت و لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئوتۆمبێلێك بەسەر سینگیەوە تێبپەڕن بەبێ ئەوەی گرفتێکی بۆ درووست ببێت. ئەمەش لەناکاوێکدا بووە خاوەن بەهرەیەکی سەیر و بەڵکو توانی نازناوێك تۆمار بکات، وەکو لە وێنەکەدا دەیبینن کە چۆن ئوتۆمبێل بەسەر ڕانی پیاوەکە تێدەپەڕێت !.

## باڵون و پۆشاک



دیـــارە باڵونیش چـــووە نێو شـــێوازێکی نوێ لـــە هونەری پیشەســـازی، ئەمە رووی دا لە پێشـــبڕکێ پۆشاکی ساڵانە کە لە پایتەختی (ڤیتنامی هانوی) لەکۆتایی مانگی ســـمتێبەری ئەیلولی رابردووە لە ژێر ناونیشـــانی (لە هەڵبژاردنەکانی ڤیتنام) گەورە ساڵی (٢٠٠٧) کەوا نەخشەسازی ڤێتنامی (تران دوی نغو) نواندنی ئەو نەخشانەی کە لێیان وەرگرتووە لە جیهانی باڵۆنەکان بۆ پێشاندان.


## بەرزترین کێک لە جیهان درووستکرا!

دوای ئـــەوەی لەلایـــەن ئوتێلێکی ئەڵمانی توانیـــان بەرزترین و گەورەترین کێك درووست بکەن، کە درێژی کێکە ئەڵمانییەکە گەیشتە (٦) مەتر. بەڵام وادیارە لە وڵاتی هیندســـتانەوە پێشبڕکێ لەگەڵ ئەڵمانیا دەکەن بۆ ئەوەی بەرزترین کێك درووســـت بکەن. ئەم کێکە بەبۆنەی رۆژی سەری ساڵەوە درووست کراوە و مەبەستیان لەم کێکە




کە پێشـــبڕکێ هەیە لەسەر ئـــەوەی بتوانێت گەورەترین کێك درووست بکرێت ئەمەش نامەیەکە بۆ ئەڵمانیەکان..

لـــە ئوتێلی (ئـــۆدای سامۆدرای لیگریبش) کە دەکەوێتە باشـــووری وڵاتی هیندستان توانیان بەرزترین کێك درووســـت بکـــەن کە درێژییەکەی گەیشتە (٢٩) پێ، واتە دەکاتە (٨) مەتر. ئەم ئوتێلە دەکەوێتە شاری (تیرۆ فاناتابۆرم) بە درووست کردنی ئەم کێکـــە توانیان نازناوێکی گـــەورە تۆمار بکەن، چونکە درووست کردنی کێك بەم شێوەیە رێگەی تایبەتی دەوێت بۆ ئەوەی درووست بکرێت، کێشـــی کێکەکە بریتی بوو لە (٢٥٠٠) کیلۆگرام و بۆ ماوەی (٨) کاتژمێری خایاند تاوەکو برژێنرا، ئەمەو دوای ئەوەی نمایش دەکرێت لە ئوتێلەکە و دواتر دابەش دەکرێت بەسەر خەڵك و ئامادەبووانی کە لە نمایشی کێکەکە ئامادەبوون. ئەمەو ئەم کێکە نزیکەی (٦٩) کیلۆ شەکر و (١٥٠٠) کیلۆ هێلکە و (١٢٠) دەرمان کیکی تیایدا بەکارهێنرابوو.



## جلوبەرگی مۆدەی خانمان لە شیکۆڵاتە !



شـــیکۆڵاتە ئەم خواردنە خۆشەیە کە لە جیهان گرنگی پێدەدرێت و چەندیـــن خواردن و کێك و نەســـتەلەی لێوە درووســـت دەکرێت و رۆژانە دەبێتە خواردنی خەڵك، ئەوەی ســـەیر بێت لە شـــیکۆڵاتەوە بۆتە کەرســـتەیەك بۆ درووست کردنی کەرستەی دیکە بۆ رێکلام و یاخود بۆ ئەوەی ســـوود لە شێوەی ماددەی شیکۆڵاتە وەربگرن بۆیە توانیویانە چەندین شـــێوەی لێوە درووســـت بکەن وەك : مرۆڤ — ئوتۆمبێل ئەمانەش تەنیا بۆ نمایش دەبێت..

ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین بیرۆکەیەکی دیکەیە لەسەر شیکۆڵاتە و ئەویش هەر بۆ نمایشـــە و بەڵکو ســـەیرترە لـــەوەی نمایش بێت، چونکە لە وڵاتی رووســـیا لەلایەن چەند مۆدەکارێکەوە بەهاوکاری کۆمپانیایەکی شیکۆڵاتە چەندین جلوبەرگ لە شیکۆڵاتە درووست بکـــەن، جلەکانیـــش بریتیە لە جلی خانمان و کچـــان کە ئەوانەیە : تەنوورە، کڵاو، بلووز . ئەمەو لەم نمایشـــەی تایبەت بە شیکۆڵاتەوە نزیکەی (٢) هەزار مەتر لە شـــیکۆڵاتەیان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی جلەکانی لێوە درووست بکەن. ئەمەو ئەم نمایشە لە نمایشی دووەمی دەچێتە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا.









# ماری (ئەناکوندا) پەلاماری منداڵێکی ٧ ساڵان دەدات لە ناوچەی ئەمازۆن

ماری (ئەناکۆندا) پەلاماری منداڵێکی ٧ ساڵانی دا لە سەر ڕێگای دەوروبەری (بیلیم) پایتەختی ولایەتی (بارا) ی ئەمازۆنیا لە باکووری بەرازیل، منداڵەکە رزگارکرا لەلایەن گەنجێکەوە کە سەری مارەکەی بڕیەوە.

کرێکارەکان مارێکی (ئەناکۆندا) یان هەڵگرد کە درێژی ٣ مەتر و نیوە لە باخچەی ئاژەڵانی ئەڵمانیا.

ماڵپەڕی تەلەفزیۆنی گلۆبۆ گوتی: مارەکە درێژەکە ٩ مەتر بووە و کێشی ١٢٠کگم بووە و لە دارستانەکانی قەراغ ڕێگا کەوە دەرچووە و خۆی بە هەردوو پێی منداڵەکەدا لولداوە.

شۆفێری ئۆتۆمبیلێکی کرێ گێڕایەوە کە بەو شوێنە دا تێپەڕیوە لە کاتی ڕووداوەکە دا گوتی: مارەکە منداڵەکەی چەند مەترێك ڕاکێشا بەبێ ئەوەی بەری بدات تاکو (میگێل) ی گەنج سەری مارەکەی بڕی بە چەقۆیەك.

شۆفێر (ریموندو کارفالۆ) ٦٢ ساڵ گوتی: منداڵەکە هەوڵیدەدا خۆی بە گژوگیاکانی قەراغ شەقامەکە بگرێتەوە و دەیقیژان کە بووە هۆی سەرنج راکێشانی خەڵکەکە تاکو ئەو گەنجە دەرکەوت کە سەری مارەکەی بڕیەوە، هەروەها گوتی: ئەگەر ئەو گەنجە نەبووایە مارەکە منداڵەکەی دەخنکاند، لە دوای رزگاربوونی منداڵەکە بەڕاکردن دوور کەوتەوە لە مارەکە و سەرنجی دواوەی نەدەدا هەر چەندە کەمێك پێکانی بریندارببوون، مارەکە لەسەر ڕێگاکە بۆ ماوەیەکی کەم مایەوە.

# دوو شێوە داری سەیری سرووشتی !


جیهانی سرووشت لەگەڵ ئەوەی جیهانێکی ناسك و جوانە و بەڵکو چەندین شێوە و حاڵەتی سەیری لێوە درووست دەبێت، مەبەستم ئەوانەی لە خۆیەوە درووست دەبێت بەبێ ئەوەی مرۆڤ دەستکاری بکات. چەندین شوێن لەجیهانەوە بەهۆی سرووشتەوە بۆتە دیمەنێکی سەیر بۆ بەرچاوی مرۆڤ..

وەکو ئەم دوو دارەی دەیبینن کە بە شێوەی سرووشتی خۆی رواوە و بەبێ ئەوەی مرۆڤ دەستی تێدابێت، دیمەنی یەکەم بریتتیە لە دارێکی گەورە و وەکو ئەوەی دەستکاری کرابێت بۆ ئەوەی بکرێت بە ماڵێکی بچووك، تەنیا لەلایەن مرۆڤەوە دەرگایەکی بۆ کراوە و بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە خانووێکی بچووکە.

وێنەی دووەم بریتییە لە دارێکی کە لە شێوەی پەلیکانە (قاندرمە) رواوە و ئەوەی سەیر بێت ئێستاش ئەم دارە نەبڕاوەتەوە بۆ ئەوەی وەکو شتێکی سرووشتی سەیر بمێنێت. ئەم دوو دارە دەکەونە وڵاتی مالیزیا کە بە دارستانەوە بەناوبانگە و خاوەن سرووشتێکی جوانە!







## جوانترین تەسریحەی قژ لە ئەفریقیا!

کیشوەری ئەفریقیا ئەم کیشوەرەیە کە چەندین شتی سەیر و سەمەرەی لێدەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی چەندین هۆز هەیە لەسەر داب و نەریتی تایبەتی خۆیان دەڕۆن و بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لەسەر ئەو داب و نەریتەیان بکەن. بەتایبەت لەلای ئافرەتان یان لایەنی هاوسەری و دەست نیشان کردنی هاوسەر. هەروەها گرنگی بە جوانی جەستە دەدەن کە لە هیچ شوێنێکی جیهان بەم شێوەیە نییە.

ئەم خانمەی دەیبینن کە بە جوانترین شێوە خۆی ڕازاندۆتەوە و ئەو شێوازە قژە بریتییە لە تەسریحەی مۆدێیەکی تایبەت، ئەم تەسریحەیە تایبەتە بۆ کاتی ئاهەنگ ! شێوازی ئەم قژە بە شێوەیەکی گرنگەوە ئەنجامدراوە و کاتێکی زۆری دەوێت تاوەکو تەسریحە دەکرێت. لە دوو ماددەوە شێوازی ئەو تەسریحەیە دادەنرێت کە بریتییە لە (قوڕ) لەگەڵ ماددەیەکی تایبەت کە لە دار دەردەهێنرێت. ئەمەش بە تازەترین تەسریحە دادەنرێت لە کیشوەری ئەفریقیا.

### نوکتە

پیاو و ئافرەتێك دوای ئەوەی بەردەوام کێشەیان دەبێت تا دەگاتە ئەوەی پیاوەکە ئافرەتەکە تەڵاق بدات، کاتێك بە ئافرەتەکە دەڵێت مادام تۆم تەڵاق داوە، پارەی ئاهەنگی گواستنەوەتم دەوێتەوە!

## (مشک)یش یادی تایبەتی هەیە!


لەلای ئێمە زۆر ڕقمان لە مشك دەبێتەوە بەتایبەت ئافرەتان و خانمان و ئەگەر لەماڵماندا هەبێت چەندین تەڵە و فێڵکاری دەکەین تاوەکو لەناویان ببەین ! بەڵام لە وڵاتی کۆریان بە پێچەوانەی ئێمەن، کە حەز بە مشك دەکەن ڕۆژانە لەگەڵ خۆیان بەخێوی دەکەن. بەتایبەت مشکی سپی کە بە بەهاترین مشکە لەلای کۆریەکان. لەلاتان سەیر نەبێت کەوا شوێنی تایبەت هەیە بۆ فرۆشتنی مشکی سپی..



وەکو دەبینن ئەمە دیمەنی خانمە فرۆشیارێکی مشکی سپیە و کە جوتە مشکێکی لە دەستە بەبۆنەی ساڵی تازەوە دەیانفرۆشێت، هەروەها یادی سەری ساڵی تازە لەگەڵ مشکەکانیەوە دەکاتەوە. ئەوەش بزانن ڕۆژێك لە ساڵ تایبەت کراوە بۆ ڕۆژی مشك کە لەم ڕۆژە یادی مشك دەکرێتەوە.لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی (٢٠٠٨) بە ساڵی مشك دادەنرێت!

## کەلووەکان

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




هێمن ولەسەرخۆبە لە هەنگاوەکانت، هەوڵ بدە لەسەرەتای ساڵەوە پەیوەندییە کۆمەلایەتی وسۆزدارییەکانت بەهێزبکەی، خۆت مەخەرە نێوکێشەی کەسانی تر، کەسێکی گران و بەسەنگی. بورجەکەت بۆساڵی نوێ مژدەی خۆشی لەهەگبەدایە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



ئاگات لەباری تەندروستی خۆت بێت، خەم وئازارەکانی ڕابردوو لەبیردەکەی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکە، ئەوساتەی هەست بەنائارامی دەکەی پێویستیت بەیارمەتی هاورێیەکەتە بۆیارمەتیدانت، هەولەکانت بۆ بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی دووبارە بکەرەوە، بۆساڵی نوێ دەبێت وریاولەسەرخۆبیت.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



کەسێکی حەزبە دڵتەنگی ناکەی، بەڵام بۆ بەدەست هێنانی خۆشی دەبێت هەندێك ئازار بچێژی، ساڵی ڕابردوت بەڕێکرد بەشێوەیەکی مام ناوەندی باشبوی، بەڵام بورجەکەت بۆ ساڵی نوێ دەخوازێت بڕیار لە خۆتەوە نەدەی هەروەها دەست بڵاوی مەکە، ئایندەیەکی گەش لە چاوەڕوانتدایە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



لەسەرەتای ساڵی نوێدا تووشی داوی خۆشەویستی دەبیت، لەهەستی کەسی بەرامبەرت بگە، کەسێکی توڕەی لەقسەکردن پێویستیت بەگەشتێکە ئەنجامی بدەی، متمانەت بەخۆت هەبێت لەرێگەی مۆبایلەوە پەیوەندییەکی خۆشت بۆدێت، گومانت لەکەسێك نەبێت کەدەیەوێ لێت نزیك بێتەوە.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ڕێگەی تازە بدۆزەرەوە بۆ ئەنجام دانی کارەکانت، هەموو کەسێك خەم دەخوات، بەڵام کەس وەکو تۆ ناکات، گرنگی بدە بەلایەنی دەروونیت خۆت مەخەرە نێو گێژاوی دەریای خەم، دڵ فراوان بە لەرەخنە مەترسە. ساڵی نوێ هەنگاوەکانت بەرەوپێشەوە بەرە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



بورجەکەت بۆساڵی نوێ مژدەی زۆری لەلایە، هەوڵبدە خۆت لەکاروباری خەلك هەڵنەقورتێنی، نهێنی تایبەتی خۆت لای هەموو کەسێك ئاشکرامەکە، کەسێکی تازە دەناسیت و دەبێتە کەسێکی نزیکت، خەریکە لەدەست خەمێکی بچوك بکەویتە کێشەیەکی گەورەتر.

# پێشبڕکێی گوڵان

خوێنەری بەڕێز، دەتوانیت بەشـــدار بیت لە پێشـــبڕکێی گوڵان کە لەم کۆبۆنەوە وەڵامی پرسیاری گوڵان بدەوە و (50000) دینار بە دیاری وەربگرە.

**پ: ژمارە (١)ی هەفتەنامەی گوڵان لە چ ساڵێك و لە كوێ دەرچوو؟**

و:..........................................................................

ناو:
شوێن:
ژمارەی تەلەفۆن:

**تێبینی:** هەر کەسێك وەڵام بداتەوە پێویستە کۆبۆنی گوڵانی لەگەڵدا بێت و بەبێ کۆبۆن هیچ وەڵامێك ئەژمار ناکرێت، کۆبوونی وەڵامەکان دەبردرێ و بەم ناونیشانە بۆمان بنێرن. هەولێر- شەقامی (٤٠)مەتری- تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك) **بارەگای گوڵان.**
ڕۆژی تیروپشك هاویشتن هەموو لایەك ئاگادار دەكرێتەوە

ئایا دەتوانی لەماوەی چەند خولەکێکدا جیاوازییەکان بدۆزیتەوە؟





## سەیری ئەم سەگە بکە دوو شێوەی هەیە!






لـــە وڵاتانـــی ئەوروپـــا گرنگیەکی تەواو بە گیاندارن دەدرێت بەتایبەت گیانداری (ســـەگ)! لەگەڵ ئەوەی پاککدەکرێنەوە هەروەها بڕینی (تووك)ی ســـەگ ئەویش یەکێکـــە لـــەم گرنگیانەی کـــە بۆ ســـەگ دانـــراوە، کاتێك لەلایـــەن (کۆمەڵەی پارێزی گیاندارن) ســـەگێك دەدۆزرێتەوە کە چەند ســـاڵە تووکـــی بەرگەکەی نەکراوە و بۆیـــە تووکێکـــی زۆری گرتووە.

ئەم ســـەگە ناوی (ئەلفی) یـــە و نزیکەی (٤) ســـاڵە تووکەکەی نەکـــراوە، ئەمەو لەلایەن (٣) بەیتاری سەگەوە لـــە شـــاری (برادفۆرد)ی بەریتانی تووکی ئەم سەگە کرا، وەکو لە وێنەکەدا دەبینن کە چۆن بەتووکترین سەگ دادەنرێت. ئێستا وێنەی ئەم سەگە بە دوو شێوە گیراوە، لە هەر وێنەیەکدا شێوەیەکی هەیە ئەمـــەش بەهۆی ئەم تووکە زۆرەی کە لەم ماوەیە نەکراوە.


# کـــەلـــووەکـــان

ئیوان گەردی
iwan_gardi@hotmail.com




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەوکەسەی هەستی پێ دەکەی ئەویش هەست بەتۆ دەکات، بۆ بەرژەوەندی تایبەتـــی خـــۆت هاوڕێکانت پشـــتگوێ مەخە، ئەم مـــاوەی ڕابردووت بەناخۆشـــی بردەســـەر لەگەڵ ئەوەی کەسێکی دڵ ســـاف و ڕاستگۆی، گرنگی زۆر مەدە بەکەسی بەرامبەرت خەریکە لەخۆبایی بێت.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەوەنـــدە متمانەت بەخۆت نەبیت چونکە توشـــی گرفتـــی زۆر دەبیت، کەسێکی ســـادەی لەبیرکردنەوە هەوڵدە پەیوەندییەکانت توندوتۆڵتر بکەی، کەسێکی خۆشەویستی دەوروبەرەکەت هەمیشە لێت ڕازین بەڵام ئەوخەمەی هەتە کارنەکاتە چالاکییەکانت، ئەوکەسەی لەدڵتەبۆت باش دەبێت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەندێ کات تەرخان بکە بۆخۆشەویستەکەت، هەوڵبدە خۆت لەبازنەی خەم دووربکەویتەوە، ئاگات لەخۆت بێت کەسێك چاودێریت دەکات، لەکارەکانت سەرنجی بەرێوەبەرەکەت ڕادەکیشی، بۆساڵی نوێ ئاستەنگەکانی بەردەمت زۆر دەبێت بۆیە وریا و لەسەرخۆبە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەهەنگاوی خۆشەویســـتەکەت چاوکراوەبە، لەگەڵ هاوڕێکانت مامەڵەت خۆشـــتربکەو دووربکەرەوە لە قســـەی زیاد، ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەی بەڵام زوو دەڕوات، کەسێکی کراوەی بۆیە بەکراوەیی لەژیان بڕوانە و مەهێڵە گرفت بکەوێتە نێوانتانەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەوماوەیە باری داراییت بەرەوخراپـــی دەڕوات، خاڵەلاوازەکانت وات لێ نەکات کەهەڵـــەی گەورەبکەی، لەرێگەیەکی ترەوە لەخۆشەویســـتەکەت نزیك بەرەوە، بۆ ســـاڵی نـــوێ ماوەیەکی زۆرت لەپێشـــە بۆپێداچوونەوە بەپرۆژەکانت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

سەرقاڵیت بێ تاقەتی کردووی پێویستە گەشتێك ئەنجام بدەی، ئێستاکە لەهەمووکاتێك زیاتر پێویستیت بەپەیوەندی خۆشەویستی هەیە بۆیە پەلە بکە، گرنگی مەدە بەقســـەی کەســـانی دەوروبەر، بەهۆی پەیوەندییەوە هاوڕێیەکی دوورت پەیوەندیت پێوەدەکات ودڵت شاد دەبێت.